خۆپیشاندان له دژی تیرۆر کردنی هاوڕێ (ئەبوئەمیر) له سویسرا

بەمەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتی لەدژی تیرۆرکردنی هاوری (عبد الحسین) ناسراو بە (ئەبوئەمیر) بەرپرسی هێزی ئەمانی کۆنگرەی ئازادی عێراق، لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانی ئەمریکاو حکومەتی قەومی, دینی عێراقەوە. نوێنەرایەتی سویسرای کۆنگرەی ئازادی عێراق و کۆمیتەی سویسرای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، ڕۆژی 4.8.2007 خۆپێشاندانێکیان بۆ بەردەم سەفارەتی ئەمریکا لە (بێرن) پایەختی سویسرا بە رێخست.
خۆپیشاندەران له هێلڤیا پلاتسەوە بە وتنەوەی دروشمی/ **نا بۆشەر و داگیرکاری ، نا بۆ کوشت و کوشتار و تیرۆر له عێراقدا ، بەلێ بۆ کۆنگرەی ئازادی،بەڵێ بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان، بەڵێ بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی مەدەنی** ، خۆپیشاندانەکەیان دەست پێکرد. لافیتەو وێنەکانی هاورێی گیانبەختکردوو (ئەبوئەمیر) سەرنجی خەڵکی ئەوناوچەیەیان ڕادەکێشا .لەگەڵ گەیشتنی خۆپیشاندەران بۆ بەردەم سەفارەتی ئەمریکا، هاوری (جەمال کۆشش) ئەندامی نوێنەرایەتی کۆنگرەی ئازادی عێراق لەسویسرا بەخێرهاتنی خۆپیشاندەرانی کردو وتەیەکی لەسەرووەزعی فەلاکەت باری خەڵکی عێراق بەگشتی وتیرۆرکردنی هاورێ (ئەبوئەمیر) و پێویستی بەهێزکردنی کۆنگرەی ئازادی عێراق لە دەرەوە وناوەوە ی عێراق پێشکەش کرد .دواتریش نوێنەرانی خۆپێشاندەران کەپێک هاتبوون لە / پەیمان کەریم ، سەردار حامید ، ئومێد قەڵادزەیی .نامەیەکی ناڕەزایەتیان لەدژی تێرۆرکردنی هاورێ (ئەبوئەمیر) گەیاندە سەفارەتی ئەمریکا .لەکۆتایی خۆپێشاندانەکە خۆپیشاندەران وێڕای دەربڕینی هاوخەمی خۆیان بۆ کەسوکاری هاورێ (ئەبوئەمیر) و تەواوی قوربانیانی شەرو داگیرکاری ئەمریکا، کۆتاییان بەخۆپێشاندانەکە هێنا .

نوێنەرایەتی کۆنگرەی ئازادی عێراق / سویسرا
کۆمیتەی سویسرای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
7.8.2007

Freiheitskongress@yahoo.de
http://www.ifcongress.com/


ALPINES MUSEUM
STAAT IM IRAK
ARBEITERKOMMUNISTISCHE PARTEI


BROT, SILHERHEIT, FREIHEIT,
STAAT IM IRAK
08/04/2007